# (ناسنامەی دزراوی نەتەوەیەك) بڵاودەكرێتەوە

■ ئا: ئەدەب و كولتوور

(ناسنامەی دزراوی نەتەوەیەک) کتێبێکی نوێی بەدر ئیسماعیل شێرۆکی، لێکۆڵینڤان و نووسەرە کە لەم ڕۆژانەدا لەلایەن (ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو) چاپ و بڵاوکرایەوە.

نووسەر لەم کتێبە 365 لاپەڕەییەدا، لە مێژووی ماد (میدیا) دەکۆڵێتەوە و باسی ئەوە دەکات کە مێژووی ماد زۆر لە مێژووی پارسە ئێرانییەکان کۆنترە و نووسیویەتی :"پێش ئەوەی پارسە ئێرانییەکان بگەنە ئەم ناوچەیە، گەلانی ماد سەدان و هەزاران ساڵ بوو لەو ناوچەیە ژیانی کۆمەڵایەتی و یەکجێنشینییان دەستپێکردبوو".

لەم کتێبەیدا بەدر شێرۆکی، بانگەوازێک دەکات بۆ پاککردنەوەی مێژووی مادەکان و وڵاتی میدیا لەو شێواندنە بەمەبەستەی بۆ مێژووی مادەکان دەکرێت. لێرەدا قسەیەکی هیرۆدۆت کە بەهێزترین سەرچاوە و یەکەمین مێژوونووسی مێژووە، دێنێتەوە کە دەڵێ: "من ئەرکم ئەوەیە، ئەوەی بیستوومە بەتەواوی بگێڕمەوە، بەڵام ئەرکدارنیم لەوەی بڕوا بە هەمووی بکەم".

بەدر ئیسماعیل شێرۆکیش لەو ڕوانگەیەوە دەڵێ: "کەواتە ئێمەش نابێ بڕوا بە هەمووی بکەین، ئەوەی نەیاران ئاوەژوویان کردبێتەوە، پێویستە بە پێنووس و دید و ئەندێشەی نەتەوەیی کوردی، هەڵسەنگاندن و شرۆڤە و داڕشتنەوەی بۆ بکەین".

بەدر شێرۆکی لەبارەی هۆکاری نووسینی کتێبەکەی دەڵێ: "بەهەموو مانایەک لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە ماد پێویست بوو، تاوەکو ئەم مەسەلەیە لە ڕۆشنبیری گشتیی کۆمەڵگە نزیک بکاتەوە و، ئەو دەزووە شوومە ژەهراوییە بپسێنێت کە پەیکەر و قەوارە و مێژووی ماد، بەزۆرەملێ و فریوکارییەوە بە مێژووی ڕابردووی پڕ داگیرکاریی ئێرانیزمانەکانەوە بەستووەتەوە".

بەدر ئیسماعیل شێرۆکی دەڵێ، بەپێی نووسراوە مێژووییەکانی ئاشوورییەکان، هەروەها بەپێی نووسینەکانی هیرۆدۆت ئەوە ئاشکرا دەبێت کە مادەکان دووربوونە لە ئێرانییەکان، ئەوەش بە تەواوی لە بیناسازی و کولتووری مادەکاندا دەردەکەوێت، هەروەها لەو دراوسێ و نزیکانەشدا دەردەکەوێت کە بەڵگە ئاشوورییەکان باسیدەکەن.




# کچەکەی جگەرخوین دیوانێك بڵاودەکاتەوە

■ ئا: بەسام مستەفا

نووسەر و هەڵبەستڤانی کورد بۆنیا – سوعاد جگەرخوین، دیوانێکی نوێی شیعری بەناوی "ئومێدە ونبووەکان" چاپ و بڵاوکردەوە.

دیوانەکەی بۆنیا – سوعاد جگەرخوین، لە 74 لاپەڕە پێکدێ، لەلایەن وەشانخانەی لیس لە شاری ئامەدی باکووری کوردستان چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

هەڵبەستەکانی بۆنیا دەربارەی جیابوونەوە و دوورکەوتنەوەن. بە تایبەتی دووری لە وڵات، ئەویش بەهۆی بندەستی و ژانی سنوورەکان و غەریبایەتی.

بۆنیا کە کچی شاعیری کلاسیکی کورد جگەرخوینە، ساڵی 2016 یەکەم دیوانی شیعری خۆی دەربارەی باوکی نووسیوە و بەناوی (هاواری جگەرخوین لە گۆڕدا) بڵاوکردووەتەوە. ئەو دیوانەش کە لە 90 لاپەڕە پێکدێ بە هەمانشێوە لەلایەن چاپخانەی لیس چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

بۆنیا – سوعاد جگەرخوین، لە گوندی تۆبزی سەر بە شاری عامودێ لە ڕۆژئاوای کوردستان لەدایکبووە. قۆناغی سەرەتایی خوێندنی لە قامشلۆ تەواو کردووە. جێگری سەرۆکی یەکێتی نووسەران و ڕۆژنامەڤانانی کوردە لە سووریا. بۆنیا لە ساڵی 1982ـەوە لە سوێد دەژی و ئەندامی یەکێتی ژنانی کوردە لە سوێد. هەندێک لە شیعرەکانی باوکی کردوونەتە سوێدی.




# ڕۆمانێکی ئەمین مەعلوف دەکرێتە کوردی

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

گەشتەکەی باڵداسار کە ڕۆمانێکی ئەمین مەعلوفە، لەلایەن لوقمان باپیر دەکرێتە کوردی و دەزگای فێربوون چاپ و بڵاوی دەکاتەوە.

لوقمان باپیر، وەرگێڕی کورد، سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئەو ڕۆمانە بۆ وەرگێڕان بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەوەی تێبینی دەکرێ، ئەمین مەعلوف، بابەتە مێژووییەکانی کردووەتە دەسکەلای ڕۆمانەکانی و لە مێژوو بەگشتی و مێژووی ڕۆژهەڵات بە تایبەتی قووڵبووەتەوە. لە فەلسەفەی مێژوو وردبووەتەوە، تا کایەی ڕووداوەکان بۆ خوێنەر یەکالابکاتەوە و چەندین بژارەشیان بداتە دەست، ئەویش لەڕێی پرسیارە قووڵەکانی کە بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی کراون".

لوقمان باپیر زۆرتر لەبارەی وەرگێڕانی ئەو ڕۆمانە قسە دەکات و دەڵێت: "وەرگێڕان کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەتیش وەرگێڕانی ڕۆمان. چونکە زۆر جاران لەبەر تایبەتمەندیی زمانێکی دیکە دەتەوێ شتێکی لێوە بکەیە کوردی، دەربڕین دەبێتە ماسییەکی سڕک و گرتنی ئاسان نییە. ئەوەی تەرجومە دەکا، دەبێ بزانێ دەقێک بەبیروبۆچوونی نووسەر و بەزمانی میللەتەکەی خۆی دەنووسێتەوە. بۆیە، نە دەبێ خیانەت لە نووسەرەکە بکا و نە ماڵی زمانەکەی خۆیشی تێکدا".

ئەمین مەعلوف ڕۆماننووسێکی بەناوبانگی عەرەبە. ئەگەرچی بە زمانی فەرەنسی دەنووسێ، بەڵام لە کێشە و گرفت و کارەساتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دانەبڕاوە. ئەمین مەعلوف، سەرەتا لە پاشکۆی ئابووریی ڕۆژنامەی "النهار"ی بەیرووتی کاری کردووە. دواتر لە ساڵی 1976 چووەتە فەرەنسا و هەر لەو بوارە کاری کردووە. لەپاڵ ئەوەشدا، چەندین ڕۆمانی بەناوبانگی نووسیوە. لەو ڕۆمانانەی کراونەتە کوردی: سەمەرقەند و باخچەکانی تریفە و بەودواییەش، لوقمان باپیر، ڕۆمانی "گەشتەکەی باڵداسار"ی کردە کوردی.




# هاشم ئەحمەدزادە کتێبێکی نوێ بڵاودەکاتەوە

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

هاشم ئەحمەدزادە، نووسەر و ڕەخنەگر نوێترین کتێبی خۆی بەناوی (مێژوو بە ڕاوێژی ئەدەب) لە ستۆکهۆڵم چاپ و بڵاودەکاتەوە.

ئەحمەدزادە دەربارەی ئەم بەرهەمە بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کتێبەکە لە پێشەکییەک و 12 وتار پێکهاتووە، خاڵی هاوبەشی هەموو وتارەکان بریتییە لە خوێندنەوەی وردی کۆمەڵێک بەرهەمی ئەدەبی".

گوتیشی: "بە لێکدانەوەیەکی هەمەلایەنەی چەند ڕۆمانێکی مێژوویی، هەوڵدەدرێت پێوەندیی مێژوو و گێڕانەوەی ئەدەبی دەستنیشان بکرێت و وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە کە گێڕانەوەی ئەدەبی چۆن دەپەرژێتە سەر مێژوو و چۆنی دەگێڕێتەوە".

کتێبەکە لە 213 لاپەڕەی قەبارە گەورە پێکهاتووە و لەلایەن ناوەندی کتێبی ئەرزان لە ستۆکهۆڵم لە سوێد چاپ و بڵاو دەبێتەوە.

هاشم ئەحمەدزادە لەدایکبووی ساڵی 1961ی مهابادە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێستا لە سوێد دەژی. ماستەر و دکتۆرای لە زانستە سیاسییەکاندا هەیە. ئەحمەدزادە، چەندین کتێب و وتاری بە زمانەکانی کوردی، فارسی، ئینگلیزی و سوێدی بڵاوکردوونەتەوە.



## نامە ئەکادیمییەکان

# بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا

هەرێم عوسمان



مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی




ئەمە ناونیشانی نامەیەکی ماستەری (هاوژین سڵێوە عیسا)یە کە بە سەرپەرشتی (پ.ی.د. سەردار ئەحمەد گەردی) ساڵی (2008) پێشکەشی کۆلێجی زمانی زانکۆی کۆیەی کردووە.

وێنەی هونەری رەگەزێکی بنەڕەتی و هەمیشەییە بۆ شیعر و بەشداریی چالاکانەی لە سەرجەم پێکهاتەی شیعردا هەیە. نامەکە میتۆدی وەسفی شیکاری بەکاربردووە و لە سێ بەش پێکهاتووە.

بەشی یەکەم، لە سێ تەوەری پێکەوەبەستراو پێکهاتووە: یەکەم، لە زاراوە و چەمکی وێنەی هونەری دەدوێ و دواتر لە بەهای وێنەی هونەری و لە سێیەمیشدا لە پێکهاتەکانی وەک زمان، بیر، ئەندێشە، واقیع، سۆز و نەست.

شیعر خۆی لە ئاوێتەبوونی کۆمەڵێک رەگەز دێتەئاراوە کە وێنەی هونەری یەکێکە لەو رەگەزانە. زاراوەکە لە بنەماوە واتای "خەیاڵ" دەگەیەنێ، خەیاڵیش بەشداری لە دروستکردنی وێنەی هونەریدا دەکات، بۆیە لە زۆر لە زمانەکاندا وێنەی خەیاڵ و گۆرانی شاعیریش "نیگارخانەی خەیاڵ" بەکاردەبات. وێنەی هونەری وێنەکێشانە بە وشە و رەنگدانەوەی باری دەروونیی شاعیرە. لەبەرئەوەی وێنەی هونەری رەگەزێکی بنەڕەتیە، رەخنەگر دەبێت بە وردی لەم رەگەزە بکۆڵێتەوە و لایەنی جوانی، ناسکی، خراپی، کرچوکاڵیی شیعر لە وێنەکاندا بدۆزێتەوە. وێنەی هونەری رێگای گواستنەوەی ئەزموونی هونەریی شاعیرە کە وێنە سادە، ئاڵۆز و پڕگرێکانیش بەرجەستە دەکات، لەبەرئەوە وێنە شیعرێکی بێدەنگە و شیعریش وێنەیەکی دەنگدارە. لە رەخنەی کۆندا وێنەی هونەری زۆر بەهای نەبووە و زیاتر وەک رازێنەرەوە بینراوە، بەڵام لە رەخنەی نوێدا، لە هەموو ئاستەکاندا بەشداری دەکات و زمانی باو دەبەزێنێ و خەیاڵ و هزر و سۆزی هونەرمەند پێشکەشی خوێنەر دەکات، لەبەرئەوە رەخنەگر لەرێی وێنەوە دەتوانێ شیعر بناسێ. توێژەر دواتر باسی پێکهاتەکانی وێنەی هونەری دەکات، لەوانە:

زمان کە فەرهەنگی شیعری شاعیر توانای هونەریی شیعر نمایش دەکات.

هەروەها بیر، گەر بیری شاعیر دانەڕێژرێت و بە وێنەی هونەری بارگاوی نەکرێت، ئەوا وەک هەر بیرێکی رۆژانەیی بێ کاریگەری دەبێت.

ئەندێشەش بنەمای جوانیسازی و خەیاڵی داهێنەرانەی شاعیرە، کە بەشداری لە بنیاتنانی بیرێکی جوانی نائاشنا دەکات.

واقیع، زەمینە و شوێنکاتی رووداوەکانە کە شاعیر بە خەیاڵی داهێنەرانە و کاریگەربوو بەشێوەیەکی هونەری دەیگوازێتەوە، چونکە ئەدەب و شیعر گوزارشت لە ژیان دەکەن.

سۆز، بنەڕەتی شیعرە، هێڵێکی ئەلیکترۆنیە لەنێوان دەق و خوێنەردا، دەقێک کە سۆزی راستەقینە و گەرمی تێدابێت نەمر دەمێنێتەوە.

نەستیش خەزێنەیەکی بە نرخی ژیانی شاعیرە کە ئەلبوومی وێنەکانی تێدایە و شاعیر بەشێوەی هونەری دەیگوازێتەوە.

بەشی دووەم، پێنج تەوەرە و بۆ جۆرەکانی وێنەی هونەری لە شیعری شاعیردا تەرخانکراوە. وێنەی شیعری هەرچەند کۆنە، بەڵام ئەرکی نوێ دەبینێ، لە کۆندا قافیەی شیعر رۆڵی پێکەوەبەستنی سەرتاپای شیعرەکەی دەبینی، بەڵام ئێستا وێنە ئەو کارە دەکات، وێنە تاک و لێکدراوەکان لەنێو خۆیاندا یەکدەگرن و بە هەموویان وێنەیەکی گشتی دروستدەکەن. وێنەی شیعری لەڕووی بنیاتەوە بۆ سێ بەش دابەش دەبێت:

وێنەی تاک، ساکارترین و بچووکترین جۆری وێنەیە، چەند وێنە دەچنە پاڵ یەک و بە چنینیان وێنەی گشتی دروستدەکەن. بنیاتی ئەمجۆرە وێنەیە لە شێوازە فرە جۆرەکانیدا دەردەکەوێ کە توێژەر بە نموونەی شیعری دەیخاتەڕوو.

وێنەی لێکدراو، لە دوو وێنەی تاک یان کۆمەڵە وێنەیەک بەسەریەکەوە کە دیمەن دروستدەکەن، پێکدێت و گوزارشت لە بیر و خەیاڵێکی فراوان دەکەن. ئەمەش بۆ دوو بەش دابەش دەبێ: "کەڵەکەبوونی وێنەی تاک" کۆبوونەوەی چەند وێنەیەکی تاکە لە پاڵ یەکدا کە رستەکان ریتم و مۆسیقا بە یەک دەدەن و تێهەڵکێشی یەکدی دەبن و وێنەکانی رەنگاوڕەنگ دەردەچن، ئەمەش لە رەخنەی نوێدا بە "هێشووە وێنە" ناو دەبرێت و زۆرتر لە قەسیدەی درێژدا رەنگدەداتەوە، شێرکۆ لە شیعری (هەمیشە عاشق!) دا دەڵێ:

**تۆ مەلێکی لە پەڕەی گوڵ**
**جوانیی ئاسۆت و**
**فرێنت پڕە لە عەتر و**
**گمەت پڕە لە شەونم**

ئەمە لە سێ وێنەی تاک دروستبووە، ئەوی بە مەلێکی پەڕ لە گوڵ چواندووە، دواتر ئاسۆ و فرینی بە هەستگۆڕکێ کە لە چاوەوە بۆ بۆنکردنە، بەرجەستە کردوە، لە کۆتاییشدا گمە دەنگە و پڕ لە شەونم بۆ چاوە، واتە هەستگۆڕێ ئەنجامداوە. خاڵی دووەمی ئەم وێنەیە بریتیە لە "لێکچواندنی وێنەی لێکدراو" کە شتێک بە چەند شتێک دەچوێنرێ، لێچوو تاکە و لەوچوو چەند دانەیە، ئەمەش لێکچواندنی لێکدراوە، بۆ نموونە لە شیعری "شەهید"دا هاتووە:

**شەهید، نەمرە وەکو شاخ**
**وەکو بەفر، وەکو درەخت**
**وەکو بەهار و گوڵەباخ**

شەهید لێچوویەکی تاکە و بە پێنج لەوچووی دەچوێنێت.

پاشان توێژەر باسی "وێنەی گشتی" دەکات، کە لە چەند وێنەی تاک و لێکدراو پێکهاتووە، بەڵام ئەم وێنەیە لە وێنەی تاک و لێکدراو ناچێت، ئەم وێنەیە بە چەند شێواز دروستدەبێ وەک: بنیاتی واژۆیی، شیعرێکی کورت و چڕوپڕ و بروسکەئاسایە کە لە شیعری کلاسیک بە چوارینە و لە نوێشدا بە واژۆیی و پۆستەرە شیعر ناسراوە، بۆ نموونە دیوانی"حەفتا پەنجەرەی گەڕۆک" لە حەفتا پەنجەرە و روانین پێکهاتووە، شێرکۆ خۆی چەندین ناوی بۆ ئەم جۆرە شیعرە داناوە، لەوانە کازیوە، ئاوێنە بچکۆلەکان، فلاشەکان، پۆستەرە شیعر، پۆرترێت، زنە و هتد، شێرکۆ دەڵێ، ئەمجۆرە شیعرانە لە رواڵەتدا لە یەکدەچن، بەڵام بە جەوهەر هەریەکە بۆ خۆی دنیایەکی سەربەخۆیە، بۆ نموونە لە شیعری "پەیکەر"دا دەنووسێ:

**ئەو رۆژە دێت**
**هەرچی گڵۆپی دنیایە**
**مان بگرێت و دانەگیرسێت**
**لەبەرئەوەی!**
**لەوەتەی هەن**
**چاوی خۆیان لەسەر سەری**
**هەزاران پەیکەری دنیا..**
**هەڵکردووە و**
**کەچی تەنیا پەیکەرێکیان**
**بۆ "ئەدیسۆن" نەکردووە!**

دواتر باسی بنیاتی کۆپلەیی، وێنەی بازنەیی، پێچاوپێچ، قووچەکی، شێوەکاری، کاریکاتێری، درامی، چیرۆکی و رۆمانی (گۆڕستانی چراکان- بە نموونە) دەکات کە دیارە توێژەر جگە لە پێناسە، باسکردنی بنەما و جۆری بنیاتەکان، هاوکات نموونەی شیعریی شاعیریان بۆ دەهێنێتەوە. لە کۆتاییشدا باسی وێنە لە ڕووی وەستان و جوڵان، وێنەی هەستی، ژیری و واتایی دەکات.

بەشی سێیەم، ئەم بەشە بۆ سەرچاوەکانی وێنە لە شیعری شێرکۆدا تەرخان کراوە. لەسەرەتاشدا جەخت لە ئاگاداربوون و خۆدەڵەمەندکردن بە سەرچاوە رۆشنبیرییەکان دەکات، باسی سەرچاوەی خودی و بابەتی دەکات. سەرچاوەی خودی هەموو ئەو وێنانە دەگرێتەوە کە شاعیر خۆی دایهێناون و توانیویەتی رووداو و ئەزموونە دەرەکییەکان خودی بکاتەوە و پەیوەندی و وێنەی نوێ لەنێوان شتەکان دابمەزرێنێت. توێژەر پێیوایە شیعرەکانی شێرکۆ بە وێنەی خودی دەوڵەمەندن. سەرچاوەی بابەتیش پانتاییەکی فراوانی بابەت و بوارە جیاوازەکان دەگرێتەوە کە شاعیر لە سەرچاوە خۆماڵی و بیانییەکان سوود وەردەگرێت، واتە هەرچی بەرهەمی مرۆڤایەتیە دەکرێت ببێتە سەرچاوەی داهێنانی وێنەی هونەری. لێرەدا توێژەر باسی سەرچاوەی خۆماڵی لە بەرهەمی پێشینەی ئەدەبی و شاعیراندا دەکات کە کاریگەرییان بەسەر شێرکۆوە هەبووە، لەوانە نالی، حاجی قادر، شێخ نوری، گۆران، هێمن و هتد، بە تایبەت گۆرانی شاعیر کاریگەرییەکی چڕی بەسەر شاعیرەوە هەبووە. دواتر باسی کاریگەریی سەرچاوەی کەلەپووری و خۆماڵی، لەوانە: شیعری فۆلکلۆر و بەیت، پەندی پێشینان، داستان، حیکایەتی فۆلکلۆری و هتد دەکات. پاشان باسی سەرچاوەی مرۆڤایەتی، لەوانە: مێژوو، ئاینەکان، ئەدەبی دراوسێ و بێگانە دەکات. بەرهەمی شیعری بەبێ کاریگەری و خوێندنەوەی سەرچاوەکانی پێشینە پێناگات، بەڵام ئەوەی گرنگە، ئەو بەرهەمانە بەشێوەیەکی داهێنەرانە دابڕێژرێنەوە، کە شێرکۆ توانیویەتی ئەمە بکات. لە کۆتایی توێژینەوەکەدا توێژەر بە حەڤدە خاڵ ئەنجامی نامەکەی دەخاتەڕوو، گرنگترین ئەنجامەکانیش: شاعیر بایەخی وێنەی هونەری زانیوە، بۆیە بەردەوام وێنەی نوێی سازکردووە، لە دووبارەکردنەوەی هەمان وێنە لە تێکستی دیکەیدا مەغزایەکی نوێی بەخشیوە بە وێنەکە. لەڕووی بنیاتی وێنەی هونەریشەوە شاعیر هەموو بنیاتەکانی ئەزموون کردووە و بنیاتی نوێشی هێناوەتە ناو شیعری کوردییەوە، لەوانە بنیاتی شێوەکاری و کاریکاتێری.. هتد. ئەو نەفەسە شیعریە درێژەی شاعیر توانای وێنەی گشتی پێ بەخشیوە، کە بنیاتی رۆمانە. هەروەها سەرچاوەی خودی شاعیر دەوڵەمەندە، بۆ سەرچاوەی بابەتیش داهێنەرانە توانیویەتی وێنەی وەرگیراو بە جۆرێک تێکبشکێنێ کە تەنیا شیعردۆست بتوانێ سەرچاوەکەی بدۆزێتەوە، لەسەرەتاشەوە زۆر کاریگەر بووە بە گۆران و هەردی، بەڵام لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ئەزموونی شیعریدا، وێنەی خودی بەرەو لوتکە هەڵدەکشێت. مامەڵەی لەگەڵ سروشت زۆرتر وەک ئادەمیزاد مامەڵەی لەگەڵ دەکات، هەروەها وەک شاعیرێکی هەستناسک تاڵیی رۆژگاری چەشتووە، رووداو و مێژووی کورد و واقیع لە شیعرەکانیدا زۆر رەنگیانداوەتەوە.

# رۆحانییەت لە سەر

## رامانێکی عارفانە بۆ رۆمانی "لەدایکبوون




لەم سەردەمی سناپچات و ئینستاگرام و تیکتۆکە و تۆڕە کۆمەڵایەتییە سەرگەرمییەکانی دیکە کە زیاتر بۆ دڵخۆشی و کاتبەسەربردن بەکاردەهێنرێن، دۆزینەوەی کەسانی رۆحانی و خەڵوەتنشین و خۆدوێن نەک هەر بەرەو کەمبوونەوەیە، بەڵکو لە ئاستی نەبووندایە. بێگومان باسی کاریگەریی تۆڕەکانی وەکو فەیسبووک و تویتەر و .. ئەوانەش هەر ناکرێت کە پەیوەندییەکانیان هەم رووکەش و هەم ئاڵۆز کردووە و پەیوەندییەکانیان بە جۆرێک لێ کردووە کە پێویستی بە نووسین و قسەلەسەرکردنی تایبەت هەیە.

رۆمانی "لەدایکبوونی دووەم"* هەوڵێکە بۆ هێنانە دەرەوەی مرۆڤ لەم دنیا جەنجاڵ و ڕیالیستییە ئاڵۆزەی کە لە سەردەمی ئێستادا هەیە، بۆ دنیایەکی رۆحانیی ئەوتۆ کە هەست بە نەمان و لەناوچوونی ئەم جۆرە دنیا رۆحانییە دەکرێت، بێگومان ئەمەش پێویستی بەوەیە کە مرۆڤ بە پلەی یەکەم خۆی لەم دنیا رووکەشەی ئێستا رزگار بکات، ئەویش مەرج نییە بە وازهێنان و دوورکەوتنەوەی بێت لەم دنیا دیجیتاڵییە، بەڵکو بەوە دەبێت کە مامەڵە و هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم دنیایە بگۆڕێت و بە جۆرێکی دیکەی ببینێت، یان بە مانایەکی تر: بەوە دەبێت کە ئەم دنیا دیجیتاڵییە لە خزمەتی رۆحانییەتی خۆی بەکاربێنێت.

زانای گەورەی کورد شێخ سەعیدی نوورسی (1978-1960ز)، ئەو کەسایەتییە بوو کە پێیەکی لەناو دنیای رۆحانییەت و پێیەکەی دیکەی لەناو دنیای زانست و زانیاریدا بوو، بەڵام لە یەکێک لە قۆناغەکاندا، گۆڕانێکی گەورە لە ژیانیدا ڕوودەدات و واز لە سیاسەت دێنێت و وتە بەناوبانگەکەی بەسەر زاردا دێت: "نەفرەت لە شەیتان و لە سیاسەت"، ئەو لە ساڵی (1927ز) بۆ گوندی (بارلا) دووردەخرێتەوە و لەوێوە دەست بە خوێندنەوە و تێڕامان لە قورئانی پیرۆز دەکات و هەروەها دەست بە نووسین و بڵاوکردنەوەی پەیامەکانی نووریش دەکات. لێرەوە ژیانی شێخ سەعیدی نوورسی دەگۆڕێت و وەکو دەگوترێ شێخ سەعیدێکی دی لەدایک دەبێت کە لە شێخی کۆن جیایە، بۆیەش ژیانی شێخی نوورسی لە هەموو ژیاننامەکانی ئەودا بەسەر سەعیدی کۆن و سەعیدی نوێدا دابەش دەبێت. مرۆڤ ئەگەر بیەوێ ببێتە بوونەوەرێکی رۆحانی و پەیوەندییەکی عارفانە لەگەڵ دنیا دروست بکات، دەبێ لە سەردەمێک لە سەدەمەکانی



# کزبوونی بازاڕی کتێب.. قەیرانی خوێنەر یان چاپ و بڵاوکردنەوە؟

لیزا محەممەد

"ئێستا دوو شانۆنامە و دوو ڕۆمانی وەرگێڕدراوی ئامادەم هەیە، بەڵام زۆربەی دەزگاکان چاپکردنی کتێبیان ڕاگرتووە"، ئەمە قسەی کەریم پەڕەنگ، نووسەر و وەرگێڕە کە دەڵێت دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە بە بیانووی نەبوونی خوێنەر، یان بە بیانووی گرانیی نرخی چاپ کە هەندێکیان دەڵێن پارەی چاپیان نییە، کتێبی نووسەران چاپ ناکەن.

کەریم پەڕەنگ دەڵێت بەهۆی ئەم کێشانەوە کارکردنی لەگەڵ دەزگاکاندا ڕاگرتووە.

ئایا خوێنەری کورد بە ژمارە کەمن، یان کێشەکە لە چاپ و بڵاوکردنەوەیە؟ کێشەکە لە کواڵیتی کاری نووسەر و وەرگێڕەکان خۆیانە یان لە حکومەت و وەزارەتی ڕۆشنبیرییە کە هیچ سیاسەتێکی نییە بۆ پشتیوانیکردنی دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی چاپەمەنی و بەکولتوورکردنی خوێندنەوە؟

کەریم پەڕەنگ دەڵێت: "زۆربەی دەزگاکان خەڵکێک بەڕێوەیان دەبەن کە لە جیهانی کتێبەوە دوورن و تێگەیشتنیان بۆ ڕۆحی نووسەر نییە".

بەڵام سەرۆکی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم کێشەکە لە قەیرانی خوێنەر و بڵاوکردنەوەی نایاسایانەی ئەلیکترۆنی و نەبوونی یاساییکدا دەبینێتەوە کە بواری چاپ و بڵاکردنەوە ڕێکبخات.

ئازاد بەرزنجی، دەڵێت: "بەشێوەیەکی گشتی و بە بەراورد بە جاران، زۆربەی دامودەزگا جددییەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە یان خەریکە بەتەواوی لە چاپکردنی کتێب دەوەستن، یان چاپکردنی کتێب بە تەواوی کەم دەکەنەوە".

هۆکاری ئەمەش بۆ دۆخی دارایی خراپی ئەو دەزگایانە و بێبازاڕیی کتێب و پاشەکشەی مەترسیداری ژمارەی خوێنەر دەگەڕێنێتەوە "قەیرانی خوێنەر ئێستا یەکێکە لە قەیرانە خەتەرناکەکان و ڕاستەوخۆش پەیوەندی بە کەمبوونەوەی چاپکردنی کتێبەوە هەیە لای ئەو دەزگایانە. جگە لەمە، بڵاوکردنەوەی نایاساییانەی کتێبەکانی ئەو دەزگایانە بەشێوەی (پی دی ئێف) و بە خۆڕایی و دانانیان لە سایتە ئەلیکترۆنییەکاندا". هۆکارێکی تری ئەم قەیرانە، بەلای ئازاد بەرزنجییەوە "پەیدابوونی هەندێ باندی کتێبە" کە وەک ئەو دەڵێت "لەسەر ماندووبوونی نووسەران و وەرگێڕانی تر دەژین و خۆیان هیچ شتێکی تازەیان پێ نییە و دەچن سووکە دەستکارییەکی ئەو کتێبانە دەکەن کە بەری ڕەنجی ئەدیبانی ترن و ناوی نووسەر یان وەرگێڕێکی تر دەخەنە سەر کتێبەکە و بازرگانیی پێوە دەکەن". ئەو ڕای وایە کە ئەمە پێویستی بە ڕێکخستنێکی یاسایی هەیە و دەڵێت: "پێویستە وەزارەتی ڕۆشنبیری کۆمەڵێک دیسیپلینی بۆ دابنێت. ئەگەر ڕێوشوێنێکی جددی نەگیرێتەبەر بۆ ئەم دۆخە خراپەی ئەمڕۆ کتێب تێیکەوتووە، ئەوا لە ئایندەیەکی نزیکدا زۆربەی دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە ناچار دەبن کار و چالاکییەکانیان بوەستێنن و دایبخەن".

چەند ساڵێکە دەزگاکانی بڵاوکردنەوە لە کوردستان بە قەیرانێکی گەورەدا تێدەپەڕن. ئەوان لەڕووی داراییەوە هیچ هاریکارییەک ناکرێن و نووسەرەکانیش کتێبە چاپنەکراوەکانیان چەندین مانگ و بگرە چەند ساڵێکیش لای خۆیان دەهێڵنەوە بە هیوای پەیدابوونی دەرفەتێک بۆ چاپبوونیان.

کەریم پەڕەنگ دەڵێت: "من کتێبخانەم نییە کتێبەکانمی تێدا بفرۆشم، زۆر جار دەزگاکان کە لە هەمان کاتدا لە کوردستان نزیکەی هەموویان کتێبخانەشن، پێیان خۆش نییە کتێبێک بفرۆشن کە نووسەر خۆی چاپی کردبێت، ئەگەر نەشتوانن ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی بکەن، ئەوا پشتگیری بڵاوکردنەوەشی ناکەن. کێشەی دابەشکردنی کتێب یەکێکە لەو کێشە گەورانەی کە دەیان ساڵە هەیە و هەتا ئێستا چارەسەر نەکراوە. نووسەر کە خۆی کتێبی خۆی چاپ بکات، کێشە و کۆسپی زۆر دێنە ڕێگای. بڵاوکردنەوەی کتێب یەکێکە لەو لەمپەرە گەورانەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە، من لە مێژە بیر لە بڵاوکردنەوەی کتێبەکانی خۆم دەکەمەوە، بەڵام هیچ ڕێگەیەکم بۆ بڵاوکردنەوەیان نەدۆزیوەتەوە. زۆر هاوڕێی نووسەرم کە خۆیان کتێبیان بڵاوکردووەتەوە، مارانگاز بوونە و هەمیشە ئاگادارم دەکەنەوە ئەو هەڵەیە نەکەم".

> ئازاد بەرزنجی، سەرۆکی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم:
>
> **دەزگا جددییەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە خەریکە بەتەواوی لە چاپکردنی کتێب دەوەستن**

بەبڕوای کەریم پەڕەنگ، کێشەی بڵاوکردنەوەی کتێب لە کوردستان هەتاهەتایە بەم جۆرەی ئێستا بە "بەرەڵایی و پاشاگەردانی" بەڕێوە ناچێت.. ئەو دەپرسێ: "ئەمە کەی مەنتیقی تێدایە، دەزگا هەبێت خۆی یەکێک لە گەورەترین و گرانترین چاپخانەکانی کوردستانی هەبێت و خۆی لە شوێنی دیکە کتێب چاپ بکات، کەی مەعقولە، لە شارەکەی خۆت کتێب چاپ بکەی دوو هێندەی وڵاتێکی بێگانەی تێبچێت؟".

دەشڵێت "دەبێ دەزگاکان بە خۆیاندا بچنەوە" و ڕێگاچارەیەک بۆ ئەمە بدۆزنەوە. ئێستا هیچ پاڵنەرێک بۆ نووسەر نەماوە بۆ بەردەوامبوون لە نووسین. نووسەر یان وەرگێڕ چەند مانگێک خەریکی نووسین یان وەرگێڕانی کتێبێک نابێت بۆ ئەوەی دوای تەواوبوونی لە کۆمپیوتەرەکەیدا خەزنی بکات، بەڵکو بۆ ئەوەیەتی بەرچاوی خوێنەر بکەوێت و ببێتە دەق، چونکە ئەوە خوێنەرە نووسین دەکاتە دەق نەک خەزنی کۆمپیوتەر".

بەڵام ئارام سدیق، بەڕێوەبەری ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند بەشێکی کێشەکە لە زۆری و بۆری و دابەزینی کواڵیتی کتێبدا دەبینێتەوە کە ئەو بە "نەزیفی کتێبچاپکردن" ناوی دەبات.

لەوبارەوە دەڵێت: "ئێستا هەموو کەسێک و هەموو کتێبفرۆشییەک خەریکە کتێب چاپ دەکات، ئەمە زیاتر لەوەی لەپێناوی خزمەتی پایە گرنگەکانی گەشەپێدانی کولتوور بێت، لە نەزیف دەچێت، ئامانج لەمە تەنیا سوودی مادییە و بەشی هەرەزۆری بەرەودانە بە کتێبی بازاڕی و دروستکردنی جۆرێکە لە خوێنەر کە دەشێ بە خوێنەری بازاڕی ناوی بەرین".

یەکێک لە کێشە هەرە گرنگەکان کە ڕووبەڕووی دەزگا جدییەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە بووەتەوە، بە بڕوای ئارام ئەوەیە کە خوێنەری جدی پاشەکشەی کردووە و ئەمەش لەکاتێکدا کە خوێندنەوە لە کوردستان کولتوور نییە، بەڵکو حەزێکی خۆرسکە لە هەندێک خەڵکدا "بۆیە نەبوونی کولتووری خوێندنەوە بەر لە هەر لایەک زیانی بۆ دەزگا جدییەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە هەیە".

لە پاڵ ئەو کێشانە، ئارام ڕای وایە کە کتێبی ئەلیکترۆنی (pdf) یش کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی خوێنەر هەیە، بەڵام تا ئێستا ئەم کاریگەرییە ئەوەندە گەورە نییە کە زۆر بە زەقی ببینرێت، ئەگەرچی کاریگەرییەکەی ناشاردرێتەوە.

> ئارام سدیق، بەڕێوەبەری ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند:
>
> **ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیری ئەوەیە کە پاڵپشتی دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە بێت**

> کەریم پەڕەنگ، نووسەر و وەرگێڕ:
>
> **بڵاوکردنەوەی کتێب لە کوردستان تاهەتایە بەم جۆرەی ئێستا بە بەرەڵایی و پاشاگەردانی بەڕێوە ناچێت**

ئەو دەڵێت: "لە کۆمەڵگەیەکدا کە خوێندنەوە کولتوور نەبێت، هەموو شتێک کاریگەری لەسەر کولتووری خوێندنەوە دەبێت، بۆیە بێگومان تەکنەلۆژیاش کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئەوە هەیە".

بۆ تێپەڕاندن و چارەسەرکردنی کێشەکانی چاپکردنی کتێبیش، ئەو پێیوایە کە گرنگە هەماهەنگی و بەرنامەی هاوبەش و پەیوەندیی تۆکمە لەنێوان دەزگاکاندا هەبێت، "چونکە دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە یەکتری تەواو دەکەن، نەک دوژمنی یەکتری بن".

دەشڵێت: "لە هەموو وڵاتێکدا ئەوە ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیری و کولتوورە کە پاڵپشتی دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە بێت لە پێناو بەردەوامیی کارەکانیان، بەڵام لە کوردستان ئەم پاڵپشتییە زۆر کەمە، یان زۆرجار هەر نییە"، بۆیە پێشنیاز دەکات وەزارەتی ڕۆشنبیری بە دابینکردنی کاغەز، یان پشتگیریی ماددیی ناڕاستەوخۆ یارمەتی دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە بدات، "لانیکەم ساڵانە لە هەر دەزگایەکی چاپ بەپێی قەبارەی دەزگاکە کتێب بکڕێتەوە و پێشکەشی کتێبخانە گشتییەکانی بکات، یان بیبەخشێت بە کتێبخانەی خوێندنگەکان. ئەرکی وەزارەتەکانی ڕۆشنبیری و پەروەردەیە کار بۆ بەکولتوورکردنی خوێندنەوە بکەن و ئەمەش بە هاوکاریی دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە سەرکەوتوو دەبێت".

# ردەمی دیجیتاڵیدا

## ی دووەم"

سەنگەر زراری



ژیانیدا بە پەیوەندییەکانیدا بچێتەوە و ناشێ هەمان ژین و بیرکردنەوەی جارانی هەبێت و باسی گۆڕانی ژیانیشی بکات. (لەدایکبوونی دووەم) وەبیرهێنانەوەی ئەو لەدایکبوونەوە نوێیەی مرۆڤە، کە بەسەر کەسایەتییەکی وەکو شێخی نوورسیدا هاتووە، ئەگەرچی ڕۆمانەکە ئاماژە نییە بۆ نموونەی شێخ سەعید و باسی ئەو ناکات، بەڵکو کەسایەتیی کاک ئەحمەدی شێخ لە ڕۆمانەکەدا تەوزیف کراوە، بەڵام من وای دەبینم کە ئەم جۆرە لەدایکبوونەوەیە زیاتر لەگەڵ ژیانی شێخ سەعید کۆکە.

بەهەرحاڵ ڕۆمانەکە هێمای لەدایکبوونەوەی سەرلەنوێی مرۆڤە، بەتایبەتیش لە سەردەمێکدا کە ئەم جۆرە لەدایکبوونەوەیە هەم زەحمەت بووە و هەم خواستیشی لەسەر کەم بووەتەوە. ڕۆمانەکە کاری لەسەر ئەوە کردووە کە مرۆڤی ئەم سەردەمەش، بە هەموو پەیوەندییەکانی ئێستای و بەو کەرەستانەی ئەم سەردەمە لەبەردەستیەتی، دەتوانێ هەمان ژیانی عارفانە دروست بکات و خۆی لە پەیوەندییە ڕووکەشەکان دووربخاتەوە.

ئەمەش بە خوێندنەوەی کتێب بەدی نایەت: "کتێب ئەو ژەهرە پیسەیە کە مرۆڤەکان دەکاتە قاڵۆنچە و دەعبا، وا مرۆڤ دەگۆڕێت ئیمکانی هاتنەوەی نییە..ل 82". هەروەها بە نووسینیش بەدی نایەت: "نووسین لای من بەهای ناڵێکیشی نییە...ل22". بەڵکو ئەوەی دەبێتە هۆی ئەزموون بۆ مرۆڤ، خودی ژیان خۆیەتی: "مەعریفەی ڕاستەقینە لە خودی ژیاندایە، ئەوەی لەناو کتێبەکاندایە وێنەی مەعریفەیە، خودی خۆی نییە...ل24".

لەم ڕۆمانەدا، وەسیەتێکی کاک ئەحمەدی شێخ هەیە کە لە تەواوی ڕۆمانەکەدا وەکو باوکێکی ڕۆحی دەردەکەوێ، ئەم وەسیەتە بووەتە ڕێبەرێک بۆ نەوەکانی و ئەو کەسانەی دەیانەوێ ببنە ئەندامی ئەنجوومەنی دیوان. ئەنجوومەنی دیوان ماڵێکی ڕۆحانیی خەیاڵیی گریمانەکراوە. ئەوانەی موجاهەدەی نەفس دەکەن و بۆ ڕۆح و ژیانی خۆیان تێدەکۆشن، دەگەنە ئەو ئاستەی ببنە ئەندامی ئەنجوومەنەکە، کوڕ و کچێکی گەنجی ئەم سەردەمە هەن (پایان و گوڵناف)، کە تێدەکۆشن ببنە ئەندامی ئەم ئەنجوومەنە و لە کۆتاییشدا لەگەڵ کەسێکی دیکە (سەرکەوت)، بەو پایە ڕۆحییە دەگەن و لەگەڵ ڕۆحیانەتی کاک ئەحمەدی شێخ کۆدەبنەوە و بە نوورەکەی بەهرەمەند دەبن.

وەسیەتەکەی کاک ئەحمەدی شێخ لە کتێبەکەدا بەشێوەی یەک پارچە نووسین دەرناکەوێ، بەڵکو هاوشێوەی ڕێساکانی عیشقی مەولانا لە ڕۆمانی "چل ڕێساکەی عیشق"ی ئەلیف شەفەق، بەشێوەی پچڕ پچڕ دەردەکەوێت، بەمەش بووەتە ڕێبەرێک بۆ ژیانی کەسەکان و پێ بەپێ لەگەڵ دوو کەسایەتییە سەرەکییەکە دەڕۆن کە ئەوانیش (پایان و گوڵناف)ن.

سەرەتا پایان لە فێستیڤاڵێکی فەرهەنگی و ئەدەبیدا دەردەکەوێ کە بابەتی بۆ پێشبڕکێی فێستیڤاڵەکە پێشکەش کردووە و دەبێتە براوەی فێستیڤاڵەکەش. دواتر بۆ قسەکردن و چوونە ناو دنیای ڕۆحانییەتەوە، لەگەڵ گوڵناف بە فەیسبووک قسە و گفتوگۆ دەکەن، فەیسبووک وەک نموونەیەک بۆ دنیای دیجیتاڵیی ئێستا، ئەو کەرەستە و ئەو جۆرە بەشدارییانەن لە ژیان کە بە ڕووکەش بۆ کەسانی ڕووحانی نابن و لە سەردەمی دیجیتاڵیی ئێستادا هەن، بەڵام ئەم ڕۆمانە دەیەوێ ئەوەمان پێبڵێت کە ئاساییە فەیسبووکیشت هەبێت و ژیانێکی مەعنەویش هەڵبژێری، یان بەشداریی ژیانی گشتیی وەکو فێستیڤاڵەکانیش بکەیت و خودێکی خەڵوەتنشینیشت هەبێ. تەنانەت دەشێ بچیتە وڵاتی کافرانیش (کافر بەو دەربڕینەی کەسانی توندڕەو لە دین بەکاری دێنن و پێیانوایە نەک بۆ کەسانی خەڵوەتنشین، بەڵکو بۆ کەسانی دینداری ئاساییش ناگونجێ)، بەڵام ئەم ڕۆمانە پێماندەڵێت دەشێ بچیتە وڵاتی ئەوانیش و ئەمەشت هەر هەوڵێک بێت بۆ ڕۆحانیبوون. ئەوەتا لە سەردەمێک لە سەردەمەکاندا، پایان بە ماڵ و منداڵەوە دەچێتە دەرەوەی وڵات و دەیەوێ لەوێ ژیان بەسەر ببات، لەکاتێکدا هەر خەریکی چوون بەرەو دنیایەکی سۆفیگەرانەیە: "ئەو لەناوەوە و لە دڵی خۆیدا خەریکی شتێکی تر بوو، ئەو دەمێک بوو لە ناوەندی ڕێگەی لەدایکبووندا و لە گەشتە مەعنەوییەکەیدا ڕاوەستابوو، هەستی بەوە کردبوو بۆ ئەوەی بچێتە پێش و گەشە بکات، دەبێت ڕێگەیەکی نادیار بگرێتەبەر، ئەو ڕێگەیەش ئەوە بوو، هەموو شتەکانی تا ئێستا بەدەستی هێنابوون، لە پلە و بڕوانامە و کەسایەتی و پارە و هەموو ئەو شتانەی بەشێک بوون لەو بوونە دەرەکییەی پایان، دەبایە دەستیان لێ بەربدات، بۆ ئەوەی ئەم هەنگاوەش بهاوێت، تەنها ڕێگەیەک کە هەیبوو، ئەو ڕێگەیە بوو: بەجێهێشتنی وڵات...ل-285 286".

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە کۆی ڕۆمانەکە، پرۆسەیەکە بۆ زیندوومانەوەی دنیای ڕۆحانییەت، ئەویش نەک بە شێوەیەکی خەیاڵی، بەڵکو بەشێوەیەک کە مرۆڤ ئەگەر ویستی هەبێت، دەتوانێ بە هەمان ئامێر و کەرەستە و بارودۆخەکانی ئێستا، پێ بخاتە ناو دنیای ڕۆحانی و وەکو خودێکی عارف ڕێگای ژیانی دنیا بگرێتەبەر، بێ ئەوەی پێویستی بە دوورکەوتنەوە و پەناگیری و دابڕان هەبێت لە ژیان و خەڵکانی دەوروبەری.

*** لەدایکبوونی دووەم (ڕۆمان)- پێشڕەو عەبدوڵڵا، کتێبخانەی مەم و زین، چاپخانەی ڕۆکسانا، چاپی یەکەم (2019).**

## فازڵ جاف، نووسەر و شانۆکار:

# شانۆ بۆ من تەنیا حەز نییە، عیشقە

ماڵپەڕی گاردیەنی بەریتانی، سەرەڕای بایەخدانە گەورە و چڕوپڕەکەی بە بواری کولتوور و ئەدەبیات، بەردەوام بە دوای ڕێگەی نوێ و پرسیاری نوێشەوەیە بۆ دواندنی نووسەران، ئەمجارە هەندێ پرسیاری ورد و سەرنجڕاکێشی بۆ هەندێ نووسەر ئامادە کردووە کە خوێندنەوەیان و مەبەستی پشتی پرسیارەکان و وەڵامی نووسەرەکان شتگەلێکن بەردەوام خوێنەران لای نووسەران بە دوایدا دەگەڕێن، لە نموونەی باشترین کتێب، باشترین نووسین، باشترین و خۆشەویسترین کارەکتەر و زۆر شتی تری ورد کە خوێندنەوەی وەڵامەکانیان لە زاری نووسەرانەوە هەم چێژبەخشن، هەم ڕوئیایەک بۆ خوێنەر سەبارەت بە هەندێ کتێب و چیرۆک دەکەنەوە.

ئەم هەوڵەی ئێمەش لێرەدا، وەرگرتنی ئەو پرسیارانەیە و ئاراستەکردنیەتی بۆ بەشێک لە نووسەران و ئەدیبانی کورد، بەتایبەت قسەکردن لەو مەجالە کورت و لەو پرسیارانە لە ناوەندی ڕووناکبیریی ئێمەدا کەمە و بێشک خوێنەرانمان بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارانەوەن.

لە شانزەهەمین گفتوگۆماندا، فازڵ جاف، نووسەر و شانۆکار وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە.

**ئامادەکردنی: ئەدەب و کولتووری ڕووداو**



**ڕووداو: لەم کاتەدا چ کتێبێک دەخوێنیتەوە؟**

**فازڵ جاف:** خەریکی خوێندنەوەی کتێبێکم بەناوی (چۆن لە مۆسیقای مەزن تێدەگەیت و چێژی لێ وەردەگریت)، بریتییە لە زنجیرە وانەیەکی ئەکادیمیی پرۆفیسۆر ڕۆبێرت گرینبێرگ سەبارەت بە چۆنیەتی گوێگرتن لە مۆسیقای کلاسیک و هەروەها چۆن بتوانین لە مۆسیقای کلاسیک تێبگەین. ساڵانێکە دەمەوێت پتر ئاشنای بنەماکانی مۆسیقا بم، بەتایبەتی مۆسیقای کلاسیک، کە بەبێ تێگەیشتن لە بنەماکانی زەحمەتە بتوانین لێی تێبگەین، چونکە مۆسیقای کلاسیک تێگەیشتن دەخوازێ، بەبێ تێگەیشتن چێژی ڕاستەقینەی هونەریانە نابەخشێت. بەداخەوە بەشبەحاڵی خۆم لەناو ڕۆشنبیراندا کەسم لە دیدار و چاوپێکەوتنەکاندا نەدیوە نەڵێت حەزم لە مۆسیقای کلاسیکە، ئەمە بەبێ ئەوەی لێی تێبگەن، زۆربەی ڕۆشنبیران پێیانوایە دەبێ بڵێن گوێ لە کلاسیک دەگرین، چونکە نیشانەی ئاستبەرزیی ڕۆشنبیرییانە، بۆیە تا ئێستا چەند کتێبێکی بە نرخم دەربارەی مۆسیقا خوێندووەتەوە، ئەگەر بشپرسن بۆچی ئەم بایەخەم بە مۆسیقا داوە، زۆر بە کورتی دەڵێم، بەدەر لە حەز و خولیای خۆم بۆ مۆسیقا، کە منداڵیش بووم سەرەتا خولیای مۆسیقام لەسەردا بوو، لەلایەکی دیکەوە پێموایە هەموو ڕێژیسۆرێکی پیشەمەند دەبێت شارەزاییەکی باشی دەربارەی یاسا و بنەماکانی مۆسیقا هەبێت، مەرج نییە ڕێژیسۆر ئامێرێکی مۆسیقا بژەنێت، ئەگەر ئەو توانایەی هەبێت باشترە، بەڵام مەرجە شارەزایی باشی دەربارەی بنەماکانی مۆسیقا، وەکو ڕیتم و هارمۆنیا و کۆمپۆزیسیۆن و تیمپۆ و کۆنتەرپۆینت هەبێت، ئەمە بە تایبەتی بۆ ڕێژیسۆرێکی سەر بە قوتابخانەی ڕێژیسۆری، چونکە مۆسیقا بەپێی ڕێبازی دەرهێنانی میرهولدی نەک هەر مەرجێکی سەرەکییە، بگرە هەناسە و نەبزی نمایشە.

**ڕووداو: کتێبێک کە ژیانتی گۆڕی؟**

**فازڵ جاف:** کتێبێک کە دیدگا و ڕوانگەمی بۆ ژیان گۆڕی، کتێبی (بوونگەرایی فەلسەفەیەکی ئینسانیە)ی جان پۆل سارتەرە. لە تەمەنی بیست ساڵیدا، درووست ساڵی 1972 لە بەغدا خوێندمەوە. ئەم کتێبە سادەترین کتێبی سارتەرە، بەڵام درۆی نییە گەر بڵێم بەلای منەوە قووڵترینیانە. بۆ یەکەمجار لەم کتێبەوە ئاشنای دیدی وجوودیانەی سارتەر بووم و باوەڕم پێ هێنا، ئەم فەلسەفەیە سەبارەت بە ژیانی خۆم و بە جیهانبینیم چاوی کردمەوە، لەو کتێبەوە فێر بووم کە ژیانی مرۆڤ پرۆژەیەکە خۆی لێی بەرپرسە، خۆی بەرێوەی دەبات، بەوەی کە تەواوی بەرپرسیارێتی بخەیتە ئەستۆی خۆت، ئەم دیدگەیە بۆ من گرینگترین وانەی ژیان بوو، وەکو سارتەر دەڵێت: ژیان پرۆژەیەکە لە دەستی خۆتدایە، باوەڕهێنان بەم چەمکەی ژیان منی لە زۆر هزر و بۆچوونی نەرێنیی سەردەمی لاوێتیم پاراست، لەو ساتەوە ئەم دیدگەیە بوو بە سەرچاوەی وزە و جۆشوخرۆش و تینی ژیان، هەروەها دینامۆ و هێزی کارکردن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ژیان.

**ڕووداو: کتێبێک کە بۆچوونتی گۆڕی؟**

**فازڵ جاف:** دیدگەی من بۆ شانۆ دەکاتە جەوهەری دیدگەم بۆ ژیان، هیچ کتێبێک بە ئەندازەی کتێبی (هونەری شانۆ)ی میرهولد دیدگەمی بۆ هونەری شانۆ نەگۆڕیوە. بەڵێ، چەند کتێبێک هەن لە هونەردا، کە کەم تا زۆر دید و ڕوانگەیان گۆڕیوم، لەوانە هەر بۆ نموونە، نامیلکە بچووکەکەی برێخت، بە ناونیشانی (ئۆرگانۆنی بچووک)، کە هەشتا لاپەڕەیەک زیاتر نییە، بەڵام تێگەیشتنی ئاسان نییە، چونکە بۆ ئەوەی لێی تێبگەیت، پێویستە شارەزای مێژووی شانۆ و فۆرمەکانی نمایش بیت، هەروەها شارەزاییت لە فەلسەفەی هونەر و مێژووی هزر و سۆسیۆلۆجیادا هەبێت، واتە شارەزاییە لە ژیان، ئەم قسەیە دەربارەی کتێبی (فەزای بەتاڵ)ی پیتەر بروکیش ڕاستە، بەڵام کە ساڵی هەشتا لە دیمەشق بۆ یەکەم جار کتێبەکەی میرهولدم بە وەرگێڕانی دکتۆر شەریف شاکر خوێندەوە، کتێبەکە بۆ من کەشفێکی گەورە بوو، هەستم دەکرد شتگەلێکی ئەوتۆی تێدایە کە بیرم لێکردووەتەوە، بەڵام نەمتوانیوە وەکو میرهولد دایبڕێژم، پاشان ئەو قسەیەی فەختانگۆڤۆم خوێندەوە، کە لە خەستەخانە و لە سەرەمەرگدا کتێبەکەی خوێندبووەوە، گوتبووی: من بیرم لە هەموو ئەمانە کردبووەوە، باشە بۆچی نەمتوانیبوو بینووسم.

**ڕووداو: کتێبێک کە خۆزگە دەخوازی تۆ نووسیبات؟**

**فازڵ جاف:** زرادەشت وای گوت، هەمیشە بیر لەوە دەکەمەوە کتێبێک لەو شێواز و ستایلە بنووسم، یان لە شێوازی کتێبی پێغەمبەر-ی جوبران خەلیل جوبران، کە ئەویش نزیکە لە کتێبەکەی نیچەوە.

**ڕووداو: کتێبێک کە کاری لە ستایلی نووسینت کردووە؟**

**فازڵ جاف:** نووسەرێکی دیاریکراو نییە، بەڵام کە بە زمانە ئەورووپاییەکان، بە تایبەتی بە سویدی و ئینگلیزی دەستم بە خوێندنەوە کرد، هەستم کرد شێوازی نووسینم گۆڕا، بە تایبەتی کە بۆ ساڵانێک لە خوێندنەوە بە زمانی عەرەبی دوورکەوتمەوە. من لە نووسەرە ئەوروپاییەکانەوە فێر بووم سادە و ڕەوان بنووسم، لەمەشدا خۆم بە قەرداری مامۆستا سەرپەرشتیارەکەم دەزانم، پرۆفیسۆر گالینا تیتۆڤا کە فێری کردم چۆن وشەی زیادە بقرتێنم، چۆن ڕستەی زیادە لابەرم، چۆن لە زمانی توێژینەوە و باسکردنی هزر و بیردا، گرنگە ڕستە ڕاست و ڕەوان بێت و یەک مانا ببەخشێت. دەتوانم بڵێم خوێندنەوەی وردی کتێبە بەناوبانگەکەی ئەو دەبارەی بیناگەریتیی شانۆییانە لە لای میرهولد کاری کردە سەر شێوازی نووسینم لە بواری شانۆدا.

> **لە نووسەرە ئەوروپاییەکانەوە فێر بووم سادە و ڕەوان بنووسم**

**ڕووداو: کتێبێک کە تۆی گریاندووە؟**

**فازڵ جاف:** ڕۆمانی (اولاد حارتنا)ی نەجیب مەحفووز، بەتایبەتی ئەو بەشەی کە باس لە ڕەفاعە و کوشتنەکەی دەکات، ئەو بەشەم چەندبارە خوێندووەتەوە، خەمبارم دەکات، بەڵام خەمێکی قووڵی ڕۆحیانە، نەک خەمۆکییەکی ڕەشی سایکۆلۆجیانە، بە ئەندازەیەک کە فرمێسکم پێ دەڕێژێت. ڕەفاعە لەلای مەحفووز هێمای مەسیحە، ناوەکەشی وا هەڵبژاردووە، واتە بەرزبوونەوە، بەو مانایەی کە خواوەند بەرزی دەکاتەوە بۆ ئاسمان.

ئەگەر باس لە نووسینی کوردی بکەم، زمان و شێوازی نووسینی هیچ نووسەرێکی کورد بە ئەندازەی شوکور مستەفا کاری تێنەکردووم، هەموو نووسینێکی شوکور مستەفا، چ وەرگێران، چ نووسینی خۆی، بۆ من ڕێچکەیەکی گرنگە لە زمانی کوردیدا، ئەوەش بەو مانایە نا کە لاسایی ئەو بکەمەوە، چونکە لە توانامدا نییە لاسایی بکەمەوە، بلیمەتەکان لاسایی ناکرێنەوە. بۆ من شوکور مستەفا لەڕووی زمان و شێوازی نووسینەوە، گەورەترین نووسەری کوردە، کاریگەرییەکی زۆری بەسەر ئەوانەوە هەیە کە بە وردی خوێندوویانەتەوە، هەر کەسێک باش بیخوێنێتەوە، هەر کەسێک پەی پێ بەرێت و کەشفی بکات، سوودی گەورەی لێ دەبینێ، لەم پەنجا ساڵەی دواییدا باوەڕ ناکەم کەسێک هاتبێ زمانە کوردییەکەی لەوەی شوکور مستەفا دەوڵەمەندتر و تۆکمەتر بێت.

**ڕووداو: کتێبێک کە بە دیاری دەیبەخشیت؟**

**فازڵ جاف:** ئەگەر کتێبێکی کوردی بە دیاری ببەخشم، ئەوا بێ سێ و دوو کتێبی دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانیە کە شوکور مستەفا ساغی کردووەتەوە، لەو کتێبەدا بەهرە و توانای دوو داهێنەر، دوو بلیمەتی کورد، شێخی شاعیران ڕەزا و شوکور مستەفا کۆبوونەتەوە. کتێبەکە تەنز و پێکەنین و شادی و چێژی ئەدەبی و تۆکمەیی سەبکی زمان بە خوێنەر دەبەخشێ.

***

ساڵی 1886 ئانتوانت فۆر، کچی سەرۆککۆماری ئایندەی فەرەنسا فلیکس فۆر، داوای لە مارسێل پروست کردووە وەڵامی چەند پرسیارێک لە دەفتەرە تایبەتەکەیدا بداتەوە، (دەفتەری دانپێدانانەکان، ئالبوومی تۆماری فیکر، هەستەکان و هیتر) ئەم داوایە دوو جار لە مارسێل پروست کراوە، جارێکیان لە چوارده ساڵیدا، جارێکی تر لە بیست ساڵیدا، بە هەمان شێوە من ئەو پرسیارانە ئاراستەی بەڕێزت دەکەم.

**ڕووداو: چاکە لای تۆ کامەیە؟**

**فازڵ جاف:** چاکە لای من ئەوەیە کە بۆ ئەوە تێبکۆشیت ئەم جیهانە بۆ خۆت و خەڵک خۆشتر و ئاسوودەتر بکەیت.

**ڕووداو: تایبەتمەندییە باشەکانی پیاوان کامانەن؟**

**فازڵ جاف:** ڕێز لە ئافرەت بگرێ و خۆشیبوێت.

**ڕووداو: تایبەتمەندییە باشەکانی ژنان کامانەن؟**

**فازڵ جاف:** خەمخۆری و میهرەبانی و سۆز و خۆشەویستی.

**ڕووداو: بەنرخترین تایبەتمەندیی هاوڕێکانت کامانەن؟**

**فازڵ جاف:** بەنرخترین تایبەتمەندیی هاوڕێیەکانم وەفادارییە. ڕۆژێک لە هاوڕێم مەحموود زامداری نەمرم پرسی، چی لە مندا هەیە کە بە لای تۆوە گرنگە، گوتی: وەفاداری.

**ڕووداو: حەزت لە چییە؟**

**فازڵ جاف:** حەزم لە خوێندنەوە و مۆسیقا و شیعر و گەشت و خواردنی ئایسکرێمە، لە سەرووی هەموو ئەمانەوە حەزم بە هاوڕێی ئافرەتە. باسی شانۆ ناکەم، چونکە شانۆ بۆ من تەنیا حەز نییە، شانۆ بۆ من عیشقە.

> **مەزنترین چارەڕەشی ئەوەیە مرۆڤ لەوە تێنەگات کە بەختەوەری لە ناخی خۆیدایە**

**ڕووداو: بەختەوەریی ئایدیاڵ چۆن پێناسە دەکرێ؟**

**فازڵ جاف:** من یەکێکم لەو کەسانەی کە ساڵانێکە، بیست ساڵ دەبێت، بە دوای چەمکی بەختەوەریدا وێڵم، سۆراغی نووسینی زۆربەی ئەو نووسەرانەم کرد کە لەسەر بەختەوەری نووسیویانە، پێموایە نووسەرە بوودایییەکان لە هەموویان باشتر سۆراخی بەختەوەرییان کردووە، لە سەرووی هەموویانەوە دالای لاما، کە کتێبی هونەری بەختەوەریی نووسیوە، من بۆ خۆم، بۆ ئاسوودەیی خۆم گەلێک سوودم لەو کتێبە بینیوە، سەرەڕای ئەوەش دەڵێم، بەختەوەری پێناسەیەکی چەسپاوی نییە، چونکە بەختەوەری بۆ هەریەکێک لە ئێمە شتێکی جیاواز دەگەیەنێت، ئێمە خۆمان چەمکی بەختەوەری بۆ خۆمان دادەڕێژین، ئەو شتەی من بەختەوەر دەکا، پرۆسەی داهێنانە، بە تایبەتی ئەو داهێنانەی کە لەگەڵ کەسانی تردا ئەنجامی دەدەم، ئەم بەختەوەرییەش بۆ من بە پلەی یەکەم لە پرۆسەی دەرهێنانی شانۆییدا، وەکو دەرهێنەر دێتەدی، ئەمجا لە ڕاهێنان و مەشقکردندا وەکو ڕاهێنەر، هەروەها لە وانەگوتنەوەدا وەکو مامۆستا، هەر بۆیە کە لەم سێ بوارەدا کار دەکەم، هەست دەکەم لە پرۆسەی داهێناندام و هەست بە بەختەوەری دەکەم.

> **شوکور مستەفا لەڕووی زمان و شێوازی نووسینەوە، گەورەترین نووسەری کوردە**

**ڕووداو: مەزنترین چارەڕەشی لای تۆ چییە؟**

**فازڵ جاف:** مەزنترین چارەڕەشی ئەوەیە مرۆڤ نەتوانێت بەختەوەر بێت، کە لەوە تێنەگات بەختەوەری لە ناخی خۆیدایە و لە جێگەیەکی دیکەدا نییە، لە دەستکەوتێکی دیاریکراودا نییە.

**ڕووداو: حەز دەکەیت لە کوێ بژیت؟**

**فازڵ جاف:** گەلێ وڵاتی جوان و پێشکەوتووم بینیون، بەڵام حەز دەکەم لە کوردستان بژیم.

**ڕووداو: ڕەنگ و گوڵی دڵخوازی تۆ کامەیە؟**

**فازڵ جاف:** لەبەر جوانییەکەی حەزم لە گوڵەباخی سوور و گوڵاڵەیە، بۆ بۆنیش حەزم لە گوڵەمێخەکە. ڕەنگی زەرد و ئەرخەوانیم لە هەموو ڕەنگێک بەلاوە جوانترە، ئەوەندەی من ئاگادار بم هیچ هونەرمەندێک بە ئەندازەی ڤانکوخ لە بەکارهێنانی ئەو دوو ڕەنگەدا کارامە نەبووە، هەروەها ڕەنگی سوور و ڕەشم پێکەوە بەلاوە جوانن.

**ڕووداو: نووسەرە دڵخوازەکانت کامانەن؟**

**فازڵ جاف:** نووسەرە دڵخوازەکانم زۆرن، پتر لە پەنجا ساڵە بەردەوام دەخوێنمەوە، نووسەرانی کلاسیکی یۆنانی، شەکسپیر و مۆلێر، ڕۆمانی ڕۆماننووسە مەزنەکانی ڕووس، کافکا و چێخۆف دوو نووسەری سەرەکین بۆ من. سارتەر و کامۆ کاریگەرییان زۆرە لەسەر کەسایەتیم، شانۆنووسانی شانۆی ئەبسێوەرد، ڕۆمانەکانی ڤێرجینیا وۆڵف، مارکیز و بۆرخێس بایخۆ و ئارێل دۆرفمان، لە نووسەرانی عەرەبیش نەجیب مەحفووز، کە زۆربەی ڕۆمانەکانیم بە گەنجی خوێندوونەتەوە. لە نووسەرانی کوردیش مەسعود محەممەد و شوکور مستەفا و هەژار و عەزیز گەردی. بەڵام سەبارەت بە شاعیران و نووسەرانی ئێستامان، ئەوەیان لێرەدا باس ناکەم.

**ڕووداو: شاعیری دڵخوازی تۆ کێیە؟**

**فازڵ جاف:** شیعر لەلای من جەوهەری ئەدەب و هونەرە، نزیکترین ڕەگەزیشە لە شانۆوە، چونکە هەردووکیان درامان. من حەزم لە درامایە، شیعر و شانۆ دراما کۆیاندەکاتەوە، هەروەها ئەفسانەیش، بەڵام هەرچی ڕۆمانە، بە دەگمەن نەبێ، کەمتر ئەم تایبەتمەندییەی تێدایە، لە شیعری کوردیدا، گۆران بۆ من پێش هەموو شاعیرێک دێت، پاشان شێخ ڕەزا، ئینجا نالی و مەحوی، بە ئەندازەیەکی تر وەفایی و هەردی هەڵبەستێکیان بە لامەوە دانسقە بوو، شاعیرانی غەیرە کوردیش: بەدر شاکر سەیاب بەر لە هەموو شاعیرێکی تر، لە شاعیرانی ئینگلیز ییتس و ویتمان، لە شاعیرانی ڕووس ئەخماتۆڤە و بلۆک، لەو شاعیرانەی کە هەڵبەستەکانیان بە تەرجەمەکراوی دەخوێنمەوە، لۆرکا بۆ من بە پلەی یەکەم دێ، ئینجا بۆدلێر، شیعری ئەم دوو شاعیرە تەنانەت بە وەرگێڕانیشەوە ڕیتمیان زۆر لەناواچن و هەر چێژێکی گەورە دەبەخشن بە خوێنەر.

**ڕووداو: کام پاڵەوانە پیاوەی ئەدەبیات لای تۆ دڵخوازە؟**

**فازڵ جاف:** کەسایەتیی سیزیف لە ئەفسانەی سیزیف.

**ڕووداو: ئەی کام پاڵەوانە ژنەی ئەدەبیات؟**

**فازڵ جاف:** نورا لە شانۆنامەی ماڵی بووکەڵەی ئیبسن.

**ڕووداو: میوزیسیانە خۆشەویستەکانت کامانەن؟**

**فازڵ جاف:** لەجیهانی موزیکدا بیتهۆڤن سەرچاوەی ئیلهامە بۆ من، چونکە هونەرەکەی زۆر درامیانەیە، بە تایبەتی بۆ پیشەی دەرهێنەر گرینگیی خۆی هەیە، بایەخیشی لەوەدایە کە جەخت لەسەر یەک تێمە دەکات و بە تۆنی جیاواز کاری لەسەر دەکات، ئەمە بۆ دەرهێنەر زۆر گرینگە، وابزانم میرهولد یەکەم ڕێژیسۆرە کە جەختی لەسەر مۆسیقای بیتهۆڤن کرد، دەڵێ کە توانیم وەکو بیتهۆڤن لە سۆناتایەکدا کار لەسەر تەنیا یەک تێمە بکەم، بە خۆم دەڵێم پیشەمەند. سیمفۆنیای پێنجەمی ڕاستیی ئەم بۆچوونەم دەسەلمێنێ. هەمان قسەم بۆ کارە مۆسیقاییەکانی شۆستاکۆڤیچ و پرۆکوفیڤ، لەوانەی هاوچەرخیش فیلیپ گلاس هەیە. وەنەبێت گوێ لە شاکارەکانی کلاسیک: باخ و مۆزارت و چایکۆڤسکی نەگرم.

**ڕووداو: نیگارکێشە خۆشەویستەکانت کێن؟**

**فازڵ جاف:** ڤان کوخ و شاگال و گۆیا و ڕیپین و ڤروبل و پیکاسۆ. بەڵام ڤانکوخ و پیکاسۆ لە هەمووان زیاتر.

> **شیعر لای من جەوهەری ئەدەب و هونەرە**

**ڕووداو: حەزت لە کام ناوانەیە؟**

**فازڵ جاف:** شامیران و شایان و شاگوڵ، ڤیکتۆریا و نورا و نینا. بە گشتی ئەو ناوانەی کە پیتی (ش) یان تێدایە، یان بە پیتی بزوێن تەواو دەبن.

**ڕووداو: زیاد لە هەر شتێک ڕقت لە چییە؟**

**فازڵ:** لە هەموو شتێک زیاتر ڕقم لە ڕقە.

**ڕووداو: حەزت لێیە چۆن بمریت؟**

**فازڵ جاف:** هەرچۆنێک بمرم کێشە نییە، تەنیا بە ڕووداو و دەردەداری و نەخۆشیی درێژخایەن نەمرم.

**ڕووداو: لەم کاتەدا دۆخی ڕۆحیت چۆنە؟**

**فازڵ جاف:** دۆخی ڕۆحیم تاکو دێت، ڕۆژ بە ڕۆژ، ڕوو لە ئاسوودەیی دەکات، هەرگیز بە ئەندازەی ئێستا لە هارمۆنیادا نەبووم لەگەڵ خۆم، چونکە بە هۆشیارییەوە کار لەسەر ئاسوودەیی ڕۆحی و دەروونی و زەینی دەکەم.

**ڕووداو: دروشمی تۆ چییە؟**

**فازڵ جاف:** ژیان بە ئاگاییەوە لە ئێستا و لە ئێرەدایە.

**ڕووداو: گەر جارێکی تر بتگەڕێننەوە سەرەتای سەرەتا، هەر دەتەوێت ببیتەوە بە نووسەر؟**

**فازڵ جاف:** گەر جارێکی دیکە بگەڕێمەوە بۆ سەرەتای سەرەتاکان، دیسانەوە دەمەوێ ببمەوە بە ڕێژیسۆری شانۆ، نووسین بۆ من بە پلەی دووەم، پاش داهێنانی شانۆییانە دێ.

**ڕووداو: هیچ بەرهەم و کاری نوێت هەیە لەبارەیەوە بۆمان بدوێیت؟**

**فازڵ جاف:** خۆم ئامادە دەکەم بۆ پرۆژەیەکی شانۆیی بۆ قوتابیانی شانۆ لە پەیمانگای باڵای شانۆ لە شاری ڕەبات لە مەغریب. هاوکات کار لەسەر کتێبێک دەکەم لەسەر بیۆمیکانیک بە عەرەبی.